دەستوورێک بۆ دژ، نێک بۆ کورد نووسراوە.. شەرکۆ کرمانج

چەند سەعاتێک پێش ئێستا لیژنەیەک کە سەرکی کاتیی سووریا، ئەحمەد شەرع، ئای سپاردبووون، دەستوورەکی کاتیی بۆ وڵاتەکە بنووسنەوە، ڕەشنووسەکیان خستە پێش شەرع و ئەویش پەسەندی کرد. ئەم دە (١٠) سەرنجە خرایە زادەی خوێندنەوەیەکی خەڵکی بەشی یەکەمی دەستوورەکەیە کە لە چوار بەش و ٤٣ بەند پێکهاتووە:
یەکەم، ئاستە ئەم دەستوورە کاتییە و بۆ ماوەیەکی ئاگوزەر (فەترەی ئینتیقالییە) بەڵام بەدنیایییەوە ئەو دەقانەی لەم دەستوورە هاتوون دەبن بە بنەما بۆ دەستوورە هەمیشەییەکە.
دووەم، نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە عێراق لە ١٩٥٨ و تا ٢٠٠٥، واتە بۆ ماوەی ٥٣ ساڵ، بە دەستووری کاتیی بەڕێوەچوون، بەیە ئاگاری زۆرە کە ئەم دەستوورەش هەروا بە کاتیی بمێنێتەوە. لەبەرئەوە ناکرێت و نابێت وەک دەستوورەکی کاتیی تەماشا بکرێت.
سێیەم، ناساندنی دەوڵەتی سووریا لە ماددەی یەکەم وەک "کەماری عەرەبیی سووری"، نیشانە و ئاماژەیەکە کە عەقڵییەت و تێگەیشتن و دیدگای دەستبژێری نوێی سووریا گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە، بەتایبەت لە پەیوەند بە پرسی نێک هەر لە خانەگرتنی کورد، بەکوو داننانان بە کورد.
چوارەم، جێخت کردنەوە لە یەکپارچەیی جوگرافیای سیاسی سووریا، هەر لە ماددەی یەکەم، پەیامێکە بۆ کورد، کە دەڵێت گوێ بگرن ئەم سووریایە یەک پارچەیە و بەشێک لە نیشتیمان و وڵاتی ئێوە لە خناگرێت و بیر لە جیابوونەوە و سەربەخۆیی نەکەن، چونکە وەک دواتر جێختی لەسەر کراوەتەوە، کەس ناتوانێت "لە هیچ بەشێکی خۆش بێت".
پێنجەم، لە ماددەی دووەم، بنەماکانی دەوڵەتکی داعشیی دادەمەزرێنێت بەوەی کە دەڵێت "دینی سەرەکەمار ئیسلامە". ئەمەش هەموو ئەو بانگشانە لە گەڵ دانێت کە دواتر هەر لەم دەستوورە بۆی دەکرێت لەسەر هاووڵاتییبوون (المواطنة). چەمکێک کە نێک هەر جۆلانی و دەستوورنووسەکانی بە دژایەتیکردنی کورد و گرووپە دینیی و نەتەوەییەکانی دیکەی سووریا ماوەیەکە پەداگری لەسەر دەکەن، بەکوو دەستبژێریی سەکولاری سووریش بەردەوام دەیەوێن و دەیانەوێ، وەک ئەوەی کە ئەوە بەس کوردە باوەڕی بە "مواتنە" نییە. لەستنەوەی مافی بەسەرکبوون لە دروز و کرستییانەکان، بە نموونە،

ناهەقییەکی زۆر و بنەماکانی هاووڵاتیبوون نەک هەر بنکۆ دەکات بەڵکوو دەیکاتە گاڵتەجاڕیی.
شەشەم، هەر لە ماددەی دووەمدا، دەستوورەکە فقهی ئیسلامیی کردووە بە، نەک هەر بنەمایەکی سەرەکی یاسادانان بەڵکوو کردوویەتی بە "بنەما سەرەکییەکە" (المصدر الرئيسي). ئەمەش تەواو دژایەتی دەکات لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی.
حەوتەم، دەستوورەکە بانگەشەی ئازادی باوەڕ دەکات و دەڵێت پارێزراوە بەڵام دەڵێت دواتر "لە دینە ئاسمانییەکان دەگرێت"، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تەنیا سێ دین لەو وڵاتە لەژێرگیراوە، ئیسلام و کرستیان و جوو. لەڕاستیدا ئەمە دەکرێت دواجار بکرێت بە بنەمایەک بۆ دژایەتیکردنی دینە نائاسمانییەکان و بێدینەکان.
هەشتەم، تاکە زمانی کە وەک زمانی فەرمی ناسێنراوە زمانی عەرەبییە. ئەمەش نەک هەر دانەنانە بە زمانی کوردی بەڵکوو هەتکردنەوەی کوردە وەک نەتەوە، یان گرووپێکی ئیتنی. ئەگەر زمانی کوردی بە فەرمی نەناسرێت ئەوە کوردی نەک هەر نابێتە زمانی کار و بازاڕ و زانست و ئەدەب و فەلسەفە بەڵکوو نابێتە زمانی خوێندن و نووسینیش.
بەواتایەکی دیکە، ئەمە جارێکە لە یاساغکردنی زمانی کوردی، کە بەک دووبارەکردنەوەی هەمان سیاسەت و پراکتیزە کە سەد ساڵە لە سووریا پەیڕەو دەکرێت، هاوکات، ئەمە تێنەپەڕاندنی سووریای بەعس و دەمارگیریی و نکۆیکردنە.
نایەم، کورد لە دەستوورەکە وەک نەتەوە یان گەل دانی پێدا نەنراوە تەنیا وەک "عرق" نەبێت، ئەوە ئەگەر "عرق" لە عەرەبییدا بە مانای ئیتن بێت، خۆ ئەگەر "عرق" بە مانای ڕەگەز بێت ئەوە مانای ئەوەیە کە کورد لەم دەستوورە نوێیەدا لە هیچ شوێنێک دانی پێ نەنراوە.
دەیەم، ئەم دەستوورە دوو جار دوای ڕەکەوتنەکەی نەوان مەزهووم عەبدی و ئەحمەد شەرع نووسراوە. ئەمەش تەنیا یەک مانای هەیە، ئەویش ئەوەیە کە شەرع، باشترە بڵێین جەلانی، یەک زەڕە لە واژەکەی خەی ناگرێت، ناکرێت و نابێت کورد متمانەی پێ بکات.
ئەوەی ئەمە لەسەرمانە گەیاندنی پەیامەکە، هیوادارین بگات.

ناساندکی کورتی کتێبی (تۆفانی چاو)

پەندکی کۆنی میسری هەیە دەڵێت: (گرفتکی زۆر گەورەیە، لە ناخۆ باوەڕت وا بێت، هەموو ئاوی بە سەرت دەن، بە هەی چاوی پیسەوەیە، بەڵام هەرگیز نەزانی کە کەرێتیی خۆت سەبەبکارە.) ئەم پەندی میسرییەکان جێخت لە گرینگیی فەلسەفەی بڕپرسیارێتی دەکاتەوە. ئاوی گرینگ بە مرۆڤ ئاوەیە کە پێویستە لە ئاست کارەکانی دا بڕپرسیارێتی هەبگرێت، بە شێوەیکی عەقڵانی شکستەکان بە هەکارەکان بگەنێتەوە و هەرگیز خۆی وەک هەکاری سەرەکی یان بەشێک لە هەکارەکان نەدزێتەوە، هەمیشە مرۆڤکی بەپاساو نەبێت بە هەموو کۆتنێک، یان خۆرا بیانووی حازربەدەستی پێ نەبێت بە هەموو ئەنجامکی خراپ و نەخوازراو و بەمە بڕپرسیارێتی لە شانی خۆی نەتەکێنێت، هەمیشە خۆکی تر نەکاتە هەکاری دڵەان و سەرنەکەوتنی، چونکە تا مرۆڤ بەو شێوەیە بیر بکاتەوە، گەڵانکاریی ئەرێنی لە ژیانی دا ڕوو نادات و نایەوێت ڕوو بدات.

(تۆفانی چاو) ناونیشانی کتێبکی سە بڕگییە، کە بڕیتییە لە توژینەوەیکی فرەهەند لە سەر ئاماژە و نیگا جیاجیاکانی چاو. ئەمەی ئێستا چاپ بووە بڕیتییە لە بڕگی یەکەم لە ژێر ناوی (مرۆڤ و چاوپیسی) کە بە سەر چەند ناونیشانکی جیاواز، بەڵام پێیوەست بە یەک لە حەوت بەش دا دەکرێنەوە، تەکەای ناونیشانکان دەیانەوە بە دەوری ئەو بابەتە دا بسووڕێنەوە، کە ئاخە مرۆڤ چی لە چاوپیسی داوە و چۆن ئەمەی داهێناوە و باوەڕی پە هێناوە، یاخود ئەم بابەتە بچی و چۆن سەری هەڵداوە و بەاو بووەتەوە و درێژ بووەتەوە و چیرۆکانی بڕدەوام بوون و لە مێژووە تا ئەم سەردەمە هاتوون و پە دەچێت بڕدەوامیش بن.

کورتەی پلانی کتێبکە

بە کورتی لە **بەشی یەکەم** دا، پرسیاری چاوە پیسکان بۆ؟ بەشێنەیی دەمانخاتە بەر هەی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە و دەروازەیکمان بە ئەو مەبەستە کردووەتەوە، لەم دەروازەیە دا ڕاخنە لەو ناوانە دەشنبیرییە گیراوە کە ئەم جۆرە باسانەی خستووەتە پەراوێزەوە و ئەو هەکارانە ڕوون کراوەتەوە کە بچی نووسەران و توژەرانی کورد بە شێوەیکی جیدی و ئەکادیمی و زانستی بایخ بەم جۆرە توژینەوانە نادەن و خەیان لە قەرەی باسکردن لەم جۆرە دیاردانە نداوە و نادەن.

لە **بەشی دووەم** دا گفتوگۆیەکی مێژوویی دەخرێنە ڕوو، لەم گفتوگۆیە دا ئاماژە بە بۆچوونی پیامبەرێک و فەیلەسوفێک دەکرێن، بە گفتوگۆ بە بۆچوونی ئەم دوانە هەوڵ دراوە ئاشنایەتییەک بە بۆچوونی ئایینی و فەلسەفی لە سەر دیاردەی چاوپیسی دروست بکرێت.
لە **بەشی سێیەمیش** دا ئاماژە بە تەوانینی خەڵکی ئەمڕۆ دەکرێن لە بارەی ئەم دیاردەیە و تێی دا سێ کەمکەرەمان جیا کردوەتەوە.
لە **بەشی چوارەم** دا لە ژێر ناوی چاوپیسی و دیدگای گۆشنبیران، باسمان لە تەوانین و هەڵوەستی گۆشنبیران و خوێندەواران کردوە لە بارەی چاوپیسییەوە، لەم بەشە دا گۆخنە لەو دیدگا نازانستی و سەرپێیانە گیراوە کە هەندە لە گۆشنبیران و نووسەران لە چیرۆك و سەرگوزشتە و نووسینە گۆژنامەییە جەراوجەرەکانیان باسیان لە دیاردەی چاوپیسی کردوە.
لە **بەشی پێنجەم** دا چاوپیسی و دەرکەوتنی وەک باوەڕێک لە ئەدەبی کوردی دا بووەتە بابەتی توێژینەوەکە و چەندین تێکستمان لە ئەدەبی کوردی دا هەڵداوەتەوە و بوونی ئەم باوەڕەمان دەزیوەتەوە.
لە **بەشی شەشەمیش** دا باسمان لە چاوپیسی و لێکدانەوەکانی خەڵکانی ئاسایی کردوە و ئەو تەوانینە سادە و ساکار و نازانستییانەی خەڵکی ئاسایی لە سەر دیاردەی چاوپیسی هەیانە، خراوەتە ڕوو، دواتر لێکدانەوە بە هەکاری سەرهەڵدانیان کراوە، بە **بەشی حەوتەمیش** وەکوو دواین بەشی ئەم بەرگەی کتێبەکە، دواین قسە و کەمکەرێک پرسیارمان لە سەر ئەم بابەتە خستووەتە ڕوو، بە چەند پرسیارێك هەوڵ دراوە پەوەندییەك لە نێوان ئەم بەشە و بەشەکانی داهاتوو دا ببەسترێت، ئاویش بە تیشك خستنە سەر لایەنە ناڕوون و نادیارەکانی ئەم بەشە لە سەر دیاردەی چاوپیسی. پاش ئاویش پوختە و ئەنجامی بەرهەمهاتووی ئەم بەرگەمان نووسیوە و ئینجا سەرچاوەکانمان داناوە.

گرینگیی توێژینەوەکە

ئەم بابەتە کەموزەر و بە پێی دەخی ژیان و ئەو دەروروبەرەی مرۆڤ تێی دا دەژی، گرینگیی خۆی هەیە و لای خەڵکێکی زۆر بە هەند وەرگیراوە، ئەگەر پشتر چیرۆکەکانی لە ناو میللەتان دا دەماودەمیان دەکرد و بەاو دەبوونەوە و بە بایەخەوە وەردەگیران، ئەمڕۆ لەویش زیاتر تە پێیەوە و ئەو شێوەلە هەشیارییەی لە پشتیەوە ڕەنمایەکارانی گۆشپێدانی مرۆیی بە کتێب و نامیلکە و هەکارەکانی ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو خراکی پێ دەدەن، لە سۆسیالمیدیا و تەڵەکانی کەمەایەتییەکانی ئینتەرنێت، بەردەوام بابەتی ئامۆژگاریی ئەوە پەخش و بەاو دەکەنەوە: هەموو کات دوعا

بکە، نهێنیی خۆشبەختیت بۆ چواردەورت مەڕە، باسی پارە و سامانت مەکە، وێنەی منداڵەکەت و خۆشگوزەرانیت مەخەرە بەر چاو، با کەس نەزانێت چەن دەژیت و ...هتد.
نووسەری مەغریبی (ئەلئەخ ڕەشید) ئامارێکی بەناو کردەوتەوە و دەڵێت:
(سەنتەری بیە بە توێژینەوە، ئامارێکی سەبارەت بە باوەڕبوون بە جادوو لە وڵاتانی ئیسلامیی بەناو کردەوتەوە، لە تووسن لە سەدا هەشتاونەی بەشداربوانی ئامارەکە باوەڕیان پێی بووە، لە مەغریبیش لە سەدا حەفتاوهەشت بووە، بە پرسی بەوابوون بە چاوپیسی و ئەرێی لە تووسن لە سەدا نەوەت بوو، مەغریبیەکان لە سەدا هەشتا بەوایان بە چاوی پیس هەبووە.) هەروەها نووسەر جارێکی تر لەو کتێبە دەڵێت (لە جیهانی ئیسلام دا باوەڕبوون بە چاوی پیس و جادوو کێشەیەکە لای خەڵکی و بووتە هەی نەمانی متمانەی نەوانیان، خەڵکێکی زۆر بەوای وایە دراوسێکانیان هەکاری ئەوەن کە ژنیان بە نایەت و ئەوان جادوویان لە کردوون، بەشێکی زۆر کچان دەڕەن جادوو هەکاری شووەنکردن و شکستیانە لە پەیوەندیی ژن و مێردایەتیی یان سەزداریان.) ئەمانەمان تەنها وەک خاڵێکی گرینگ خستە ڕوو، دەنا لە توێژینەوەکە دا ئاماژە بە چەند خاڵێکی تری گرینگ کراوە.

هەڵە فکرییەکانی کتێبەکە لە چەند بەچوونێکی خەرا دا

١- ئەگەر هیچ زانیارییەکمان لە بارەی شتەکەوە نەبە، بە دەنیایی زۆر زەحمەتە ئەوەی دەیڵێین ڕاستی بپەکێت یان بتوانین خەمان لە هەڵە لا بدەین، بۆیە بەر لە هەر شتێک پێویستە ئەوە ڕابگەین کە زانیاریمان لە سەر ئەو بابەتە نیە، ئینجا هەوە بدەین تەندروستانە بیر لە بابەتەکە بکەینەوە، بە ئەوەی بابەتەکە لە کێشەکی ناڕەخنەیی و وەک ڕاستیی ڕەها دەرنەکەوێت، ئەمە کە تەنها بە زانیاریی پێشینەییەکان و بەیاری پێشوەخت لە شتەکان دەدوێین، دەبە بزانین ئەوە تەنها هەستکردنەوە بە بوونی ئەو دیاردانە نەک بیرکردنەوە لێیان.
٢- ئەوە ئەمە نیین تەنها کە سەیری دیاردەکان دەکەین و دەخوازین بیریان لە بکەینەوە و بەیاریان لە بارەوە بدەین، بەڵکوو ئەمە خەیشمان لە ناو دیاردەکان داین، بۆیە بیرکردنەوە لێیان، واتە بیرکردنەوە لە خەیشمان. بیرکردنەوەیش لە خەمان ئیمکانی گەیشتنی جیهان باشتر دەکات. ئەو دیاردەیەی لەڕە دا لێی دەدوێین تەنها بابەتێک نیە بە بیرکردنەوە و گەیشتنی سەنگ و فەرمەکەی، بەڵکوو بەر لەوە ئەو بابەتە خەی کاریگەریی لە سەرمان هەبووە و نیگای گەیوین. ئەوە تەنها ئەمە نیین بایخ بە دیاردەکان دەدەین،

بەکوو ئەو ئەوانیش فیشار لە بینین و هەوانینمان دەکەن.
٣- هەنگە هەکاری ئەوەی کە ناتوانین تەندروستانە و جیدی بیر لە دیاردەیەک بکەینەوە، ئەوە بێت کە هێندە لەو دیاردەیەوە نزیکین کە ئێمە لە ناوی دا تواوینەتەوە، یان هێندە نزیکین کە ئیتر هەستی پە ناکەین، ئێم هەستپێنەکردنە هەستی ئاشنایەتیی تەواوەتییە کە کردوویەتی بە بەشێک لە خەمان و ئیتر بە ئێمە شتێکی نامە نییە، کە نامە نییە واتە سەرسامان ناکات و شتێکی تێ دا نییە تووشی شۆکمان بکات و هامان بچەکێنێت، کە ئەوەیش نەبوو ئەوا ئەو بابەتە بەتەواوی بەمان جێگەی بایەخ و گرینگیدان نابێت و پرسیاری لە بارەوە ناکەین، هەر وەک چۆن مرۆڤ پرسیار لە بارەی زۆر ئاشناکانی خەیەوە ناکات.

کتێبی (تۆفانی چاو) توێژینەوەیەکی فرەهەند لە سەر ئاماژە و نیگا جیاجیاکانی چاو، زنجیرەی ١٠٥ی کتێبە چاپکراوەکانی ناوەندی کولتوورە بە چالاکیی ئەدەبیی و فەرهەنگی لە شاری هەولێر و بەپشتیوانیی د.هەڤاڵ ئەبووبەکر پارێزگاری سلێمانی، ساڵی ٢٠٢٥ کە دووتوێی ٣٢٧ لاپەڕەی قەبارە مامناوەند دا چاپ کراوە.



بۆچی خوێندەواریی میدیایی؟..
ئاراس سەعید

"پێویستمان بەم هەموو زانیارییە نەبوو، ئەمە لە ناوەڕاستی زەریایەکدا خەریکین نوقم دەبین؛ لە زانیاری..."
Marguerite Duras
L' amant de la Chine du Nord
پێشەکی

مرۆڤی ئەم سەردەمە بووە لە مرۆڤی سەردەمەکانی پێش خۆی جیادەکرێتەوە کە لە ناوتەوەکی ئاڵوگۆزی تەکنیکدا دەژی. قەناغی ئەمڕۆی مرۆڤایەتی قەناغی دوای دەرکەوتنی میدیای نوێی و سەردەمی تەقینەوەی زانیارییەکانە، قەناغێک تێیدا میدیا خۆی لەکاندووە بەکەی کەمەگەیی مەدەرنەوە و هاوکات وەکوو عەمباری زانیاری و زمان حاڵی سەردەمەکەش دەردەکەوێت. هەر بۆیە چەمکی خوێندەواری لە ئێستادا زۆر لە مانا تەقلیدییەکەی فراوانترە کە تەنها لە توانای خوێندنەوە و نووسین و بەوانامەیەک کوورت دەکرایەوە. لە دووتوێی ئەمڕۆدا چەندیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ تەکنەلۆژیا و میدیای نوێ و کارامەیی لە دروستبەکارهێنانی کارامەییەکە و ئەگەر کەسێک نەزانێت چۆن مامەڵەی دروستی لەگەڵ میدیا بکات ئەوا بە نەخوێندەوار دادنرێت. لە جیهانێکدا کە ڕۆژانە هووبووی لەشاوی گەورەی زانیاری دەبینەوە، یان وەک ئەوەی مارگرێت دیوراس ئاژێت: "ئەمە لەناوەڕاستی زەریایەک لە زانیاری خەریکین نوقم دەبین" جا بە ئەوەی فەری مەلەوانی ببین و نەخنکێین، خوێندەواری میدیایی کارامەییەکی جەوهەرییە.

با نموونەیەک بهێنینەوە، وابیهێنە بڕچاوت لە بازاڕێکی گەورەی قەرەباغدایت کە هەموو جۆرە کاڵایەک بە مارکە و کوالێتی و نرخی جیاوازەوە نمایش دەکرێت. بە ئەوەی باشترین کاڵا هەبژێریت، پێویستە کوالیتی کاڵاکان بناسیتەوە و نرخەکان بەراورد بکەیت و متمانەت بە یەکلامەکانی فرۆشیارەکان نەبێت. لەجیهانێکدا میدیا بووە بەپێویستییەک و تەکنەلۆژیا بەشێکە لە ژیان، هەر لە منداڵان و هەرزەکاران و گەورەساڵانەوە کاتێکی زۆر بە شەوەی ئەنلاین و لەبەردەم شاشەکاندا بەسەر دەبەن و زانیاری لێوە وەردەگرن و بڕیار پەیام و کاریگەرییە نەرێنییەکانی دەکەون، کە کاریگەری لەسەر عەقڵ و تەندروستی جەستەیی و دەروونیان هەیە و هەگبڕە لەوەی ببنە

هاووڵاتی هۆشیار و ڕۆشنبیر، خوێندەواری میدیایی بەتەواوی هەمان ئەو کارامەییە کە لەنموونەی بازاڕیکردنەکەدا پێویستمانە.
ڕەنگە بەسەر هەموواندا هاتبێت کە لە کاتی گەڕان بە هەواڵێک لە سایت و پێجەکانی هەواڵ یان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، تووشی هەواڵی سەیر و سەمەرە یان تەنانەت هەواڵی ناڕاست بووین و باوەمان کردەتەوە بەبێ ئەوەی وردبینیمان بە کردبێت و بزانین کە لەبنەمادا ئەو هەواڵە ڕاستە یان ناڕاستە، بەڵام دوای ماوەیەک بەمان دەرکەوتووە کە هەواڵەکە لە دەنگێیەک زیاتر هیچی تر نییە! ئەم تاکتیکی تۆڕەکانی سۆشیال میدیا و بەشێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنە، کە بە پێی ئامانج و مەبەستی خۆیان ناوەڕۆک دەشێوێنن و واقیع لەقاڵب دەدەن و باوی دەکەنەوە، هەر بۆیە گرنگبوونێت لە ڕاستی یان ناڕاستی هەواڵ و زانیارییەکان تێبگەین، دەبێت خوێندەواری میدیایمان هەبێت.
خوێندەواریی میدیایی چییە؟

"بە لەناوبردنی کەمەڵگایەک، سود لە یەک ڕووشی سادە وەربگرن: سەرەتا دەستیان لەکتێب دوورببخەنەوە، دواتر سەریان ببڕنە ناو تەلەفزیۆنەوە"
کارل پۆپەر
خوێندەواریی میدیایی / Media Literacy دیدێکی ناسینی/ مەعریفیی و ڕەخنەگرانەیە کە یارمەتیمان دەدات لە ناسین و شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی پەیامە میدیاییە جۆربەجۆرەکان. هەموو بەرهەمێکی میدیایی بە ئامانجێک بەرهەمدەکرێتەوە، لە دونیای ئەمڕۆدا نەخوێندەوارەکان زۆر بە ئاسانی دەبنە ئامانجچیری دەزگاکانی ڕاگەیاندن و تەنها ئەوانەی خوێندەواری میدیاییان هەیە دەتوانن پەیامە ئاشکرا و ڕاڤەبکەن و ئامانجە شاراوەکانی پشت پەیامێک بدۆزنەوە کە لە ناوەڕۆکی تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە، گۆڤار، کتێب، ڕێکلام، تابلۆی بازرگانی، ئینتەرنێت و میدیای نوێدا هاتووە. بەکوردی و پوختی، خوێندەواری میدیا، توانای شیکردنەوە و ڕەخنەکردنی زیرەکانەی پەیامەکانی میدیایە، کارامەییەکە یارمەتیمان دەدات لە ناسینەوەی هەواڵ و زانیاری ساختە و تێگەیشتن لە مەبەست و نیازە شاراوەکان لە دڤی پەیامەکەدا. بڵاوبوونەوەی میدیا بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت کاریگەری ناڕاستەوخۆی هەبێت و هەڵکاری ناردنی پەیامەکە و ئامانجەکانی بشارێتەوە.
میدیاناسی

میدیا ڕستەیەکی گرنگی هەیە لە دونیای ئەمڕۆدا. ئەمە لە ڕێگەی

میدیاوە دەستمان بە زانیاری دێگات و پێوەندیمان لەگەڵ جیهانی دەوروبەرمان دەبەستین. ئایا تائێستا بیرت لەوە کردەتەوە کە جۆرە جیاوازەکانی میدیا چین و چۆن کاریگەریی لەسەر ئێمە بەجێدەهێڵن؟ میدیای مۆدێرن چ لەکچوون و جیاوازییەکی لەگەڵ میدیای تەقلیدی وەک ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن هەیە؟ هەرچەندە میدیا لە سەردەمی کۆنەوە بە شێوەی جۆراوجۆر بە ئاگادارکردنەوەی خەڵک لە هەواڵەکانی ڕۆژ بوونی هەبووە، بەڵام ئێمە میدیا ئیمتیازاتی تایبەتی بەدەستهێناوە و ڕێگەی سەرەکی لە داشتنی ناسنامە و کەسایەتی مرۆڤدا هەیە.
بە نموونە/ تەڵەی کۆمەڵایەتی فەیسبووک وەربگرین، ئێم تەڵە زانیاری و ئارەزووەکانت وەردەگرێت و بە بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد شیکارییان دەکات و هەوەدەدات بە ماوەیەکی زۆر سەرقاڵت بکات. ئێم پلاتفۆرمە بە شێوەیەک دروست کراوە کە ئالوودە بێت لێگەڕیدا، کاتێک دەچیتە ناو ئێم ئەپەوە، کاتایبە بە زانیاری و ناوەڕۆکی نوێ نایەت. بینینی هەر پۆستێکی نوێ یان شوێنکەوتنی هەر لاپەڕەیەکی نوێ پەنجەرەیەکی نوێ لە ناوەڕۆکەکەت بە دەکاتەوە، وە چیرۆکەکە کاتایبە نایەت کاتێک ئێم ئەپە دادەخرێت، ئاگادارکردنەوەکانی ڕات دەکەشنەوە کاتێک شتێکی نوێ بەاودەبێتەوە، بە ئەوەی لەدەستت نەچێت!
وەزیفەی میدیا سەرنجڕاکێشان و ئالوودەکردنە. هەموو دەزگایەکی ڕاگەیاندن و هەموو تەڵەک هەوەدەدات سەرنجی زیاتر ڕابکێشێت لە شەڕی سەرنجدان. هەربۆیە هەشیاری و تێگەیشتنمان لێم تایبەتمەندییەی میدیا هەنگاوێک بەرەو پێشەوەمان دەبات.
تایبەتمەندییەکی دیکەی میدیا توانای قایلاندن و ئاراستەکردنی شەوازی بیرکردنەوەی خەڵکە. لێرەدا دەبێت ئاگاداری ئەوە بین کە میدیا چ تەکنیکێک بەکاردەهێنێت بۆ ڕازیکردنی بینەر. چۆن دەتوانن بیرکۆنەیەک یان باوەڕێکی درێنە وەکوو ڕاستی دەربخەن؟
لێم نەوەندەدا، نابێت چاوپۆشی لە تایبەتمەندییە ئەرێنییەکانی میدیا بکەین، وەکو بازرگانی ئۆنلاین، پێوەندیکردن لەگەڵ هاوڕێکانت لە دوورەوە و تەنانەت دەزینەوەی هاوڕێ کۆنەکان، فێربوونی کارامەیی نوێ، پەدانی زانیاری و بڕاوکردنەوەی پەیامی هوشیاری هتد. ئێم ئەرکە ئەرێنی و گشتگیرانەی میدیا نهێنی دەسەڵاتکەیەتی. لە جیهانی مۆدێرندا میدیا هێزی سەردەمکەیە و بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێت بسڕدرێتەوە و هەروەها ناشتوانرێت پشتگوێ بخرێت.
لەودیو پەنجەرە جادوویەکەوە

تەلەفزیۆن بە ئەمە لە منداڵیدا وەک پەنجەرەیەکی جادووییی دەردەکەوت کە مرۆڤ بچووکەکانی تێدا دەژیان. بەڵام وا دیارە لەگەڵ گەورەبوونی منداڵان و گەیشتن بە تەمەنی دوو ساڵی، دەست دەکەن بە تێگەیشتن لە تەلەفزیۆن وەک میدیایەک. وردە وردە و لە نێوان تەمەنی سێ بە پێنج ساڵیدا، جیاکارییەکانی نێوان تەلەفزیۆن و ژیانی ڕاستەقینە زیاتر نەرم و نیان دەبن. هەروەک چۆن منداڵانی بچووک پێیان وایە کە هەموو ئاوەژوو لە تەلەفزیۆنەکان نمایش دەکرێن ڕاستەقینەن، منداڵانی کەمێک گەورەتر ڕەنگە تێواو پێچەوانەکەی بیربکەنەوە. لە دەوروبەری تەمەنی پێنج ساڵیدا، منداڵان بە گشتی کاردانەوەی بەرچاوتر نیشان دەدەن، ئەمەش ئاماژەیە بە ئاوەژوی کە تەلەفزیۆن هەندەکجار ڕاستەقینە و هەندەکجاریش نا. منداڵان لە تەمەنی ناوەڕاستی منداڵیدا (لە تەمەنی هەشت بە نە ساڵان) زیاتر ئاگاداری پاڵنەرەکانی بەرهەمهێنەرانەی تەلەفزیۆن دەبن و لە ڕاستیدا تاڕادەیەک گومانیان لێدەبێت. ئەمە بە دوونیای ئەمەش هەمان شتە، بە ئاوانەی خوێندەواری میدیایان نیە وادەزانن ئاوەژوی لەشاشەکەوە بەری دەکەوێت ڕاستەقینە، ئەمە جادووی شاشەیە، بەڵام ئاوانەی خوێندەواری میدیاییان هەیە توانایی کەشفکردن و خالیکردنەوەی جادووی شاشەکەیان هەیە و دنیای دەرەوەی شاشەکە وەک خۆی دەبینن.
شاشە و جیهانی سەبەرەکان

یەکێک لەسەرنجڕاکێشترین چیرۆکی ئەدەبیاتی فەلسەفەی ئاژاوا (متیافەیزیکی ئەشکەوت)ی (پلاتۆن)ە، کە هەزاران ساڵ پێش لە دایکبوونی پێشکەوتووترین و بەربڵاوترین فەرهەنگی تەکنەلۆژیا خراوەتەوە، بەدوان لەسەر سیستەمی دووانەی بەهاکان و بەبەهاکردنی جیهانی زەمینی و توخمە دیارەکانی. هەزاران ساڵ بەر لە پەیدابوونی دنیای شاشە و فەزای قەرچواڵە، ئەفلاتوون، ئەو ئەخنەیەی ئاماژەی شاعیر و نیگارکێشەکان کرد، کە زۆر بەڵگەهاتوویی لاسایی حەقیقەتیان دەکردەوە و سەرلێشێواویان لە نێوان واقیع و خەیاڵدا دروست دەکرد.
پلاتۆن، لە کتێبی حەوتەمی کۆماردا گریمانەی ئێشکەوتێک دەکات و دەنووسێت: وای دابنێ کەسێک لەناو ئێشکەوتێکدا دەژیێن، دەرگای ئێشکەوتە لەسەرەوەیە و لەوانەوە دوورە، دەرگاکەش هەندەی پانیی ئێشکەوتەکەیە و هەوناکی لەوەوە بە نێو ئێشکەوتەکە دەگات. ئەو کەسە مرۆڤە لە منداڵیەوە لەوە دانراون، مل و پێیان بە زنجیر بەستراوەتەوە و ناتوانن ئاوەژو بدەنەوە. هەناکیش بە نێو ئێشکەوتەکە لە ئاگرەکەوە دێت کە لە پشتیانەوە هەڵکراوە. لەنێوان ئەوان و ئاگرەکەدا ڕاوەکی دەڕۆ هەیە. وای دابنێ لەبەردەم ئەو

ا...وەدا، وەکوو چیغی بەردەم شانۆی بووکەشووشە بە هەڵسوانی بووکەکان، دیوارێکی نزم هەڵچنراوە. وای دابنێ هەندێک کەس لەودیو دیوارەکەوە پێکەری مرۆڤ یان ئاژەڵیان بەکەڵەپۆڵەیە و لە بەرد و تەختە و شتی دیکە داتاشراون و هاتووچۆ دەکەن. هەندێکیان دەدۆن و هەندێکی دیکەیان بەدەنگن. ئەوەی پلاتۆ باسی دەکات سێبەرە، کەسانی نێو ئەشکەوتەکەش سێبەرن. ئەوان لە ئەمە دەچن. ئایا بەجگە لە سێبەری خۆیان و ئەوانی دیکە، کە لە ڕووناکی ئاگرەکە لەسەر دیوارەکەی بەردەمیان دەربڕیدەخات، هیچی دیکە دەبینن؟ ئەگەر نەتوانن ئاوەبدەنەوە چۆن دەبینن؟ ئەی لەبارەی ئەو بابەتەوە، کە تەنیا سێبەرەکانیان دەردەکەون؟ ئەگەر لەگەڵ یەکدا دوان، لەم باوەڕەدا نیت تەنیا ناوی ئەو شتانە بزانن، کە لەسەر دیوار، سێبەرەکەی دەبینن؟ ئەگەر ئەشکەوتەکە دەنگ بداتەوە، لەو باوەڕەدانیت کە لەگەڵ دەنگدانەوەکەدا سێبەرێک ببینن، وا هەست دەکەن دەنگەکە لە سێبەرەکەوە دەرچووە؟ کەوابوو بە کەسانی نێو ئەشکەوتەکە ڕاستی بەجگە لە سێبەرەکانی سەردیوارەکەی بەردەمیان هیچی دیکە نییە[ئەفلاتوون، کەمار، بەشی حەوتەم، و/محەمەد کەمال، ل 229].

دەکرێت دوونیای شاشە، بە میتافەری ئەشکەوت بچوێنین، دەرگیربوون بە فەزای شاشە پشتکردنە لە حەقیقەت و ڕووکردنە شاشە، ڕووکردنە لە دیوارەکانی ناوەوەی ئەشکەوت. دنیای شاشە وەکوو دەگمەکانی ئەشکەوت فریودەرە و هەمان تەکنیکی هەیە، سەرەتا وا هەست دەکەین ئەوەی دەیبینین ڕاستەقینەیە، ئەو دەنگانەی لە شتەکانەوە دەردەچن هەمان دەنگی وێنەکانە، بەڵام لەبنەمادا ئەوەی دەیبینین سێبەری شتەکانە لە دنیای شاشەدا. پیشەسازی لەبەرگرتنەوە بەو شێوەیە واقیع لەقاڵبەدات کە خەی دەیەوێت، ئەوەی بەریدەکەوین فەرمکی بە ناوەڕۆکە، کە لەبنەمادا جەوهەر و واقیعی شتێکی دیکەیە. بەدیدی پلاتۆن لەبەرگرتنەوە حەقیقەت نییە و نابێتە حەقیقەتیش. لەڕووگەی سێبەری درەختەوە، ناتوانین درەخت بناسین، ئەوانەی لە ئەشکەوتەکدا نیشتەجێن، تەنیا لەڕووگەی سێبەری درەختەوە، درەخت دەناسن، بەڵام درەخت شتێکی دیکەیە. چەمکێک کە داهێنانەکەی مانا وەردەگرێت بە پێچەوانەی جەوهەرەکەوە کە پێشتر بوونی هەیە. فەزای شاشە هاومانایە لەگەڵ هەرێک لەو دەستواژەی (درزنەکان، نمایشکارە بووکەیەکان، سفیستەکان و وەهمگرەکان) هەموو ئەوانەی لە کتێبی پێنجەمی (کەمار)دا ئیدانەکراون، کە بەهەمان شێوەی شاعیران و دروستکەرانی دیکەی وێنە کە واقیع ساختە دەکات و بەو هەیەوە پەردە لەسەر ڕاستییەکان دادەپۆشێت. وەکوو ئەوەی "سەلین برایان" دەڵێت: "ئەگەر فەزای شاشە لەسەردەمی پلاتۆندا هەبوایە، بەگومان لە شاری ئایدیایی (فیلەسوف_شا) قەدەغە دەکرا. چاپەمەنی و

تەلەفزیۆن و سایتەکانی ئینتەرنێت چی دەکەن، جگە لە دووبارەکردنەوە و لەبەرگرتنەوەی هەواڵەکان و نوێنەرایەتیکردنیان لە فەزای شاشەدا.

ڕۆڵی جەهانی زوانی ئاماژەیی جگەردلایەو پیرەز بە- موختار کەریمی

- تەکزوانی جە دنیاو ئارەزوو دیاردەوی دەگمەن و ناسرووشتین
-فرەزوانی بەڵام جە گرد وەتاتوونە دیاردەوی باو و سرووشتین

- یونسکۆ: وانای و پەروەردە بە زوانی ئاماژەیی مافوی فەرهەنگی و بنەڕەتی ئانزانی

-لاوازی پەیوەندی زوانی بەینوو ئاما و تاتی و زاڵی پەیوەندیەکاتاری لاوازتر و کەشکاتاری قووڵتر کەرە و بە بە هەکاروو جە یە نەیاواینە و تەنانەت جە یە بەیای

بیس و یەهموو مانگو فەبروارو ئیمساڵی(21.02.2025) پا منیەمە دلە بیس وپەنجەمین(25) ساڵو دیاری کەردی ڕۆ جەهانی زوانی ئاماژەیە جە لاو یونسکۆیو.
ئیمساڵیچ جە باروودۆخوونە ملمە پیرای ڕۆ جەهانی زوانی ئاماژەیەو کە هەرپاسە هەزاران زوانە جە پانایی دنیاینە هەڕەشی نەمانیشا وانە کریە و یان ڕۆ بە کزی ملا. یونسکۆیچ پی ئەرکیە هەرستن و گرد ساڵیە چی ڕوونە بە مەراسمە جەراوجەرە دەسەاتدارە گردوو وەتاتاو دنیای و هەرپاسە ویرۆای گردی هەشیار کەرەوە کە ڕەز جە گردوو ئی زوانو گەریە، ئەمکاناتوو گەشیشا پەی فەراهەم کریە، جە یاساو بنەڕەتی گرد وەتاتوونە بەرەسمی بشناسیا و وزیا ویەروو وانای و پەروەردەو ئا وەتاتا.
یونسکۆ نە تەنیا وانای و پەروەردە بە زوانی ئاماژەیی بە مافوی بنەڕەتی ئانزانی مزانە، بەکو گرد زوانەو بە سەروەت و سامانی فەرهەنگی گردوو کەمەگاو ئانزانیەتی مزانە و فەتیای هەر زوانەو

بە خەسارەتەوی قەرەبووو نەکریا مزانە پەی گردوو کەمەگاو ئانزانیەتی. هامکات چەنی ئانیە گەش نەای و یا وەرتەسک کەردیەو هەر زوانەو جە لاو هەر دەسەاتەوە کە بە، بە تاوانە مەش قەەم. ئی تاوانە جە یاسا میادوەتیەکانە بە نامە تاوانەو زوانکوشی(لینگوسایید)ی، پیسەو تاوانیە دژ بە مافە بنەەتیەکاو مافوو ئانزانی ئیدانە کریە و بکراو ئی تاوانە ئەش دریا بە دادگاو پاشەلکەراو مافوو ئانزانی.
مافی زوانی بەشەوەن جە مافە فەرهەنگیەکاو ئانزانی. مافە فەرهەنگیەکاو ئانزانیچ بەشەوەنە جە مافە بنەەتیەکاو ئانزانی. مافوو ئانزانی سنوور نمەشناسە، پەی گەردکەسی جە هەریەگیەنە کە بە هەنە و مشە با. ئی مافا جە یەی جیا نمەکریاوە و تەمامکەرە یەترینیەنە. ئی مافا ئەگەر پەیەەو کریا و کردەوەشا شنیوە بە، با بە هەکاروو گەشەو گردلایەنەو ئانزانی و هەرپاسە گەشەو گلەرگەی. یونسکە وەش جە مادەو پەنجوو(5) یاساو مافە فەرهەنگیەکاو وەشەنە ئی مافشە پەسەو مافەوی بنەەتی ئانزانی بە ەەسمی ئەشناسان. ئی مافە هەر پاسە جە مادەو 27 و جانامەو گەردوونی مافەکاو ئانزانیەنە و جە مادە 13 و 15و پەیمانناموەو میانەتەوەی مافە فەرهەنگی و ئابووری و کەمەاتیەکانە کە سەر بە نەتەوەیەگەرتەکان، بە دوور و درەژی باسش سەرەو کریان و بە ەەسمی ئەشناسیان.
چا پەیماننامەنە پاگەری سەروو ئانیرە کریان کە مشە گرد ئانزانەو ئەمکانوو ئانیشە بە بە زوانەو کە یەهەم جار فەرش بیەن، حەز و ئارەزوەکاش بەروزە و هەر پا زوانیە تا ئاستەوی بەرز جە فەرگە پلەبەرزەکانە بوانە و پەروەردە کریە. جیا چانیە مشە ئیزن و ئەمکاناتوو ئانیچشە بە فەرهەنگەکەش و وەبیەیش(هویت) بە گردی پارەزنە و داب و نەرەتەکاش پا جەرە کە وەش گەرەکشەن، پەیەەو کەرە و پارەزنەشا. لایەنەکاتەریچ، بە تایبەت دەسەات، ئەرکشانە کە ەەزش وەنە گەرا.
زوانی ئەەایی نەتەنیا بەشەوی گرینگ جە وەبیەی(هویت) ئانزانین و گرینگتەرین ئامرازوو پەوەنەین، بەەکوو دەورەوی سەرەکی وینە جە وەگونجنای ئانزانی جە گردوو ویەرەکاو ژیوای ەوانیشەنە و دلە کەمەگاینە، بە تایبەت جە ویەروو پەروەردەی و فەرکەردەینە کە بە ئایەندەو نەوەی تازیوە گرە دریە.
مادام ئەمە باسوو پارەزنای زوانی ئەەایی پەی گردوو وقسپەنەکەراو گردوو ئی زوانا کەرمە و هامکات دەان منیەیمە بە بیەی فرەزوانی جە گردوو وەەاتاو دنیانینە مشە دەانیچ بنیەیمە بە بەەسمی ئەشناسای گردوو ئی زوانارە پاەوو یەترینیەنە. جە دنیاو ئارەیەنە بە تایبەت کە بە سەردەموو گلەبالیزمی ئەشناسیان، فەربیەی چن زوانا

ئاسانکاری کەرێ پێی وڵاتەکوتای ئانزانی، سەرکەوتای جێ ویەرو فەربیەی و شارەزایی پێشیی و هەرپاسێ جێ یەئنیاوای فەرهەنگێ جیاوازەکاو کەمەگاو ئانزانیەتی. بەڵام پێی ئانیە کێ ئانزان بتاوێ زوانەوەتەر فەر بێ، کێ پێیوازوو کەمەگاو ئاورین، مشێ وەڵ جێ گردچیەنێ زوانی ئەڵایی وێش فەر بێ و هەر پا زوانیە پەروەردێ کریە. چوون فەربیەی زوانی ئەڵایی یەهەمین پلەکانیەنێ پێی فەربیەی زوانی دووهەم و یەرەم و...

ێیزگەرتای و پارەزنای زوانی ئەڵایی نەتەنیا جێ وەڵاتوو خودوو ئانزانیەنێ بەکوو جێ بەروو وەڵاتیچەنێ ئەرکوو دەسەڵاتی و گرووپێ کەمەڵایەتیەکاترین، چوون هەر پا جەرێ کێ باسما کەرد، مافی زوانی مافەوی بنەڕەتی ئانزانین و مافوو ئانزانیچ سنوور نەشناسە. بێ چێپوانەو وەڵاتێ دیکتاتەر و داگیرکەرەکاو وەڵاتوو ئەمە، جێ بەشەوێ فرەو وەڵاتێ ئوروپاییەکانێ دەان نریان بێ فەربیەی زوانی ئەڵایی جێ پاووو وانای و پەروەردەی بێ زوانی ڕەسمی و ئیداری ئا وەڵاتانێ.

پێی نموونەی کەمیسیەنوو مافوو زاڵەا سەر بێ پارلەمانوو ئاەمانی جێ ساڵەو 2006ی، کێ ساڵەو ڕەزگەرتای جێ زوانی ئەڵایی بێ چێ ئاستوو چەهانیەنێ، بەیاننامەوش وەڵاو کەردەو کێ بێ کورتی پی جەرێ ڕانمایی وەرپەرسا کەرێ:

"فەربەی زوانی بێ گردی پێی کەچەرکا جێ وەڵاتی نیشتەجەنێ ڕا پێی وێگونجنای چا وەڵاتانێ واز کەرێ. فەربیەی زوانوو وەڵاتی نیشتەجێچ کاتەو بێ سەرکەوتایی بێ ئەنچام یاوێ کێ زاڵەی کەچەر هەم زوانی ئەڵایەیش و هەم زوانوو ئا وەڵاتیێ بێ باشی فەر بیەبێ. پێی یاوای پی ئامانجیێ مشێ ئامادەکاری پێیواز هەم جێ دەورانووو باخچەو ساوایا و هەم جێ فەرگەکانێ ئامادەکاری پێیواز بێ هامکاری ئەڵاو تاتەو زاڵەی کەچەرکا کریە. پیچەرێ فرەزوانی بێ شەوازەوی ئەرەنی سەرگنێ و بێ بێ هەکاروو دەوڵەمەنای فەرهەنگەی و هەرپاسێ سەرکەوتایی پێشێیەی هەم پێی زاڵەی و هەم پێی دەولەمەنای کەمەگەی".

ئەرکوو ئەڵاو تاتین کێ هەم جێ مەحاڵێ غەیرێ هەورامیەکاو دێ وەڵاتیەنێ و هەم جێ بەروو وەڵاتیەنێ بێ زوانی ئەڵایی چەنی زاڵەەکاشا قسێ کەرا. پی جەرێ زاڵەی هەم زوانی ئەڵاییش کێ بنەماو فەربیەی زوانی دووهەمینێ و هەم زوانی دووهەم کێ کرێوو وێگونجناین بێ باشی فەر بێ. جیا چانیە پەونای زاڵەی جێ هەندەرانێ لاواز نمەبێ ئەگەر پەونای زوانی ئەڵا و تاتەی و زاڵەی

لاواز نەبە. ئەگەر زاڵە زوانی ئەڵایەنش بە باشی فێر نەبێبە و ئەڵاو تاتەیچ زوانوو وەڵاتی مەماندارێ بە باشی فێرە نەبێبا، ئیتر پەوەنێی زوانی زاڵەی و ئەڵاو تاتەیچ لاواز بە و کەشو پەوەنێی و جە یەئەنیاوای دروس بە.

جە ڵاسیەنە نە تەنیا کەشو ئەنیاوای بەکوو کەشو بەروەستەی هەست و سەزیچ(عاطفی)
بەینشانە دروس بە. نموونە فرەنی کە جە ئوروپانە کەشو ئەڵا و تاتەی کەچەری چەنی زاڵەکاشا قووەتترە باوە و تەنانەت زاڵەکا زووتەر ئەڵاوتاتەیشا مازا جیا. تاقیکریە فری سەڵمنانشا کە داخکەم یە چا کەشا کەشێی زوانین بەینو ئەڵا و تاتەی و زاڵەینە. فرە جارە زاڵە باسشا کەردەن کە ئەڵاو تاتەما نمەیاوانە و ئەینای ئاستەوی وارتەرەو. دیارەن مەخسەڵشا ئانەن کە ئایشا ماناو دیاردەکا و زانیاریەکاتەری بە زوانوو وەڵاتی نیشتەجە فەرە بیەنە و ماناو ئی دیاردا بە زوانی ئەڵایشا نمەزانا. ئەڵا وتاتەیچ بە چەپوانە ئایشا ماناکا بە زوانی ئەڵایی وەشا فەرە بەنە و کەمتەر تاوا بە زوانو ئا وەڵاتیە مەخسەڵوو وەشا بەروزا. ئەڵبەتە کەشە تەریچ هەنی، پەسەو کەشێی فەرهەنگی و کەشو پەروەردێی و داب و نەریتی و... کە ئەینە وەش باسوتەرەن.

موختار کەریمی– ئایمان 21.02.2025

ئاپەیزم لە خایی کەتایدا!.. حەمید تەقوایی.. وەرگەرانی لە فارسیەوە: کاوە عومەر

گفتوگێی بەاوکراوەی ئەنتەرناسیەنا

ئینتەرناسیەنا: بەچون و بیارکانی ئەم دواییەی ئەجەلان مشتومەکی زەری لە نەو خەک و بەتایبەت هەزە سیاسیەکاندا دروست

کردوە. بە بەچونی ئەوە بە کەی گشتی ئەو هەلومەرجانە چیبون کە بوونە هۆی هەوەستەکانی ئەم دوایینی ئەجالان؟
حەمید تەقوایی: بە بەوای من هەوەستەکانی ئەم دوایینی ئەجالان دژەکراوەی لەژیکیانەی ئەو تیرری و باوەڕانەیە کە ٢٠ ساڵ لەمەوبەر خستیانەوو کە بە ئاپۆیزم ناسراوە. تەوەر و ناوەرۆکی ئەم تیرریە نکۆلیکردنە لە دەوڵەت – نەتەوە، کەمەگگەی مەدەنی و چەمکی هاوڵاتیبوونە. ئەجالان ئەم چەمک و دیاردانە بە دژئەنجامی "مەدەرنیتەی سەرمایەداری" دەزانێت و پێیوایە چارەسەری ستەم و هەڵاواردنی نەتەوەیی، وە تەنانەت هەموو هەڵاواردن و کێشەکانی جیهان، گوزەرە لە مەدەرنیتەی سەرمایەداریەوە بە "کەمەگگە کەمەیاتیەکان" کە لە میللەت و ئایین و نەتەوە و هەز و گروپە ئەتنیکیە جیاوازەکان پێکهاتوون. مەبەستی ئەجالان لە دیموکراسیی، جۆرێکە لە دیموکراسی مەزائیک کە لەسەر بنەمای هاوسەنگی و هاوئاهەنگی نەوان ئەم گروپانە دامەزراوە. ئەم بەچونانە بە ئاشکرا پەستمەدەرنیستی و لە ئاستیدا گەانەوەیە بە کەمەگگە پاشایەتیە خەکیەکانی پێش سەرمایەداری. گوزەری ئەجالان لە مەدەرنیتەی سەرمایەداریەوە، گوزەر نیە لە سەرمایەداریەوە، بەکو گوزەرە لە مەدەرنیزمەوە.
کەمەگگەی مەدەنی کە بە بەراورد بە کەمەگاکانی سەدەکانی ناوەڕاست بەهەنگاوێکی گەورە بەپێشەوە دادەنرێت، بنەمای مەدەرنیزمی سەرمایەداری دەستکەوتی شۆڕشە پیشەسازیەکانی ئەوروپا و ئەو پێشکەوتنە فیکری و زانستی و هونەریانەیە کە پێش خۆی لە سەردەمی ڕێنسانسدا هاتۆتە ئاراوە.
ئەمە سەرمایەداری جیهانی لەم دەستکەوتانە پاشکۆی کردووە و قوتابخانەی پەستمەدەرنیزمیش دژئەنجامی ئەم پاشکۆیەیە. باوەڕبون بە کەمەگا فرەنەتەوەیەکان و دیموکراسی مەزائیکی کە خاڵی هاوبەشی فیدراڵیزمی میللی- نەتەوەیی و کۆنفیدرالیزمی جۆری ئاپۆیزمە، زیاتر لە گەانەوە بە کەمەگا پاشایەتیە خەکیەکانی سەردەمی فیدالی دەچێت تا بەپێشەوە هەنگاونان لە مەدەرنیتەوە. ئەجالان لە ڕەخنە مەدەرنیتە تەنانەت بوار بە ئایین دەکاتەوە و بە بنەمای ڕەوشتی دەزانێت کە سەرمایەداری لەناوی بردووە.
ئاپۆیزم لە ئاستێکی فەلسەفیشدا، ناسنامەی هاوبەشی ئینسانی هاوڵاتیان – یان تەنانەت چەمک و پێگەی هاوڵاتیبوون – بەفەرمی ناناسێت و لەبری ئەوە ناسنامەی میللی – نەتەوەیی – ئیتنیکی – ئایینی تاکەکان بە بنەما دادەنێت. لەم ڕوانگەیەوە زۆرتر نزیکە لە لێکدانەوە و فەلسەفەی سیاسی سەردەمی فیدالی، کە بنەماڵە و خێڵ و تائیفە و ئایین و نەژاد بنەمای مامەڵەکردنبون لەگەڵ تاک و

